# ڕێگای گەل

کرێکارانی جیهان یەکگرن !

ئۆرگانی کومیتەی کوردستانی ڕێکخراوی یەکیەتی فیدائیانی کۆمۆنیست

دەورەی تازە | ژمارە ١٣ | سێ شەممە ١٣٨١/١١/١ | Jan ,21th ,2002


## شکۆدار بێت یادی ڕەستاخیزی سیاکەڵ ، سی و چوارەمینساڵرۆژی دامەزراندنی ڕێکخراوی ئێمە و سەرەتای بزووتنەوەی نوێی کۆمۆنیستی ئێران

سی و دوو ساڵ لە حەماسەی سیاکەڵ تێ پەری . ١٩ ی ڕێبەندانی ١٣٤٩ سەرەتای بزووتنەوەی نوێی کۆمۆنیستی ئێران و ڕەستاخیزی سیاکەڵە . سی و دوو ساڵ بەر لەمە لە ڕەشترین ڕۆژەکانی خەفەخان و دیکتاتۆری ڕێژیمی پاشایەتی ، لە ڕۆژگارێك کە ڕێژیمی شا بە پشتیوانی و لایەنگری هەموو لایەنەی ئیمپریالیزمی ئەمریکا لە بەرزترین ئاستی بە هێز بوونی خۆی بوو. لەو کاتەی کە لە ژێر کاریگەری خیانەتەکانی ریفورمیستەکان ، کەش و هەوای ناهومیدی و ڕەش بینی لە سەرانسەری وڵات سێبەری خۆی داخستبوو ، لە ناکاودا هاواری شۆرشگێرانەی کۆمەلێك کۆمونیستی فیدایی لە قوولایی دارستانەکانی سیاکەڵ دەنگی دا ، و موژدەی دەورانی هەستانەوە و ڕاپەرینی دا.

دەس پێ کردنی ڕاپەرینی چەکدارانە لە ئاوا کەش و هەوایێك کە بوونی دیکتاتوری هەوسار پچراوی حەمە ڕەزا شا بە پشتیوانی لایەنگرانی ئیمپریالیستی هەر چەشنە ئازادێکی دەربڕینی بیروڕا و ڕێکخستن و تەنانەت بیر کردنیشێ لە خەڵك ساندە بوو ، وەلامی مێژوویی کۆمۆنیستەکانی فیدایی و بزووتنەوەی نۆیێ کۆموٚنیستی بە بۆچوونی ریویزیونیستی و ریفورمیستی و هەروەها دەسەڵاتی دیکتاتۆری و خەفەخان بوو . وەڵامی حەتمی و پێویستی شۆرشگێرانە سەر چاوە گرتوو لە زانستی مارکسیزم _ لنینیزمی ڕاستەقینە و شۆرشگێرانە بە هەموو بیر و بۆچوونەکانی بە لارێ چووانە و تەسلیم خوازانە کە خۆیان لە چوار چێوەی تەسکی فورموڵەکانی وشك و بە دوور لە پراتیکی شۆرشگێرانە دیل و بەربەست کردە بوون و لە ئارەزووی دونیایێکی خەیاڵی کە بەرهەمی ئاڵوگۆری بەرە بەرە بێت ژیانی بێ ئازاری خۆیان بە سەر دەبردن . ئامانجی فیدائیان لە سەرەتای دامەزراندنی ڕێکخراوی چریکەکانی فیدایی گەلی ئێران هەڵگرتنی ئالای شەری بێ بەزەئیانە دژی سیستەمی داسەپاوی چەوسێنەرانەی سەرمایەداری و بۆ ئارمانەکانی سوسیالیستی چینی کرێکار و ڕووخاندنی سیستەمی چەوساندنەوە و ستەم و لە ناو بردنی چینەکانی کۆمەڵگا و دامەزراندنی کۆمەڵگایێکی بێ چین بوو و ئیستایش بە لە بەر چاو گرتنی هەموو خاڵەکانی لاوازی و بە هێز بوونی و هەروەها هەڵەکانی ڕابردوو و بە چونیەتێکی نوێ بۆ ڕێکخستنی ڕیزەکانی و بۆ گەیشتن بەو ئامانجە ئینسانیانە کە بۆ وەدی هێنانیان دامەزرا و هەزاران هاورێ فیدایی لە بەر خاتری عەشق و ئیمان بە چینی کرێکار و ئەو ئامانجانە گیانیان فیدا کرد ، درێژە بە خەباتی خۆی دەدا و بە ئامانجەکانی هاورێانی شەهید لە ڕەستاخیزی سیاکەڵ وەفادارە. پێویستی دامەزراندنی ڕێکخراوی فیدائیان و بزووتنەوەی نویێ کۆمۆنیستی ڕاستەو خۆ دەگەرێتەوە بۆ ساڵەکانی دەیەی چل و هەل و مەرجی عەینی و زەینی ئەو کاتە . هەل و مەرجێك کە دیکتاتۆری بە تەواو هێزی خۆی و لە ئاکامی سەرکوت سەقامگیر بوو و بزووتنەوەی خەڵکی لە قۆناخی ڕاوەستان و لاوازی بوو . بەڵام دوای نیوەی دووهەمی دەیەی چل بە توند بوونی دژایەتەکان ناو خۆیی کۆمەڵگا ، جووڵانەوەی نارەزایی خەڵکی لە قەبارەی جووڵانەوەی دانشجوویی خۆی نێشان داو پەرەیساند. ئەمە لە حالێکدا بوو کە چینی کرێکار و جووڵانەوەی ئەو چینە لە ئاکامی دیکتاتووری و خەفەخان و خیانەتەکانی حیزبی توودە و هاتنی کۆمەلێکی زۆر لە جووتیاران و وردە بورژوازی شار بە دوای ریفۆرمەکانی زەوی بۆ ناو ڕیزەکانی ئەوان ، تووشی لاوازی بوو و لە نە بوونی یەك دەستی ، تێ گەیشتنی چینایەتی و ڕێکخستنی چینایەتی سەربە خۆ ڕەنجی دەبرد. چارەنووسی نا دیار ،گۆمان ، بلاوە بوون و بێ کردەوەیی . تایبەتمەندی گشتی هەموو کۆر و کۆمەڵ و گروپەکان بوو کە لەم دەورانە پێك دەهاتن . و لە بەر ئەمەی کە هیچ کام لە بیرو بۆچوونەکان تەنانەت ئەوانەی کە بە ڕواڵەت لە سنووریان دادەنا لە گەڵ رویزیونیزم و ریفورمیسمی حیزبی توودە ، لە گەڵ هەل و مەرجی عەینی و نۆیی کۆمەڵگا هاوئاهەنگی نەبوو ، نەیانتوانی چ لە بواری ئیتوری و چ لە بواری پراتیکی خاوەن تایبەتمەندێکی شۆرشگێرانە بن و بە خێرایی متمانەی خۆیان لە دەست دە دان.بۆیە باشترین دەرفەت بۆ ئۆپۆرتونیزمی حیزبی توودە ڕەخسا تاکو بیر و بۆ چوونی تەسلیم



←


٢٥ مین ساڵیادی ڕاپەرینی مەزنی ڕێبەندانی ٥٧

لاپەرەی ٣ ، ٤

بەڕێوە بردنی بڕیارەکانی سەدەی ناوەڕاست ( بەشی یانزەهەم )

لاپەرەی ٥ ، ٦

ئەدەبیاتی شۆڕشگێرانە و یادی شەهیدانی ڕێکخراو

لاپەرەی ٧

بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان و ئەزموونەکانی لە پاش ٥٨ ساڵ

لاپەرەی ٨ ، ٩

ووشەی سیاسی

لاپەرەی ١٠


**کار ، خانوو ، ئازادی ، کۆماری فیدراتیوی شوورایی !**

خوازانە و بە دوا داڕوێشتنی دەرفەت بلاّو بکاتەوە بەلاّم لە لایکی دیکەوە ئەمە باشترین دەرفەتە بۆ کۆمەلێك شۆڕشگێری کۆمۆنیست بوو تاکو بە هەلسنگاندنی ورد و دیاریکراو لە بارۆدوخی سیاسی _ کۆمەلاّیەتی _ ئابووری سەردەم و رۆلّی پێشرەوەی شۆڕشگێر ، ڕێگای دەرباز بوون لە دایرەی بێ کردەوەیی و قەیران بدۆزنەوە و خوازیاری شکانی کەش و هەوای داسەپاو و گرفتی کوشندە بن تاکو بتوانن چالاکی شۆڕشگێرانەی خۆیان لە خەباتی چینایەتی دەس پێ بکەن و شێوازەکانی خەبات و ڕێکخستنی و دروشمەکانی نوێ دیاری بکەن. بێ گوّمان ئەم ئەرکە کەوتە سەر شانی هاوڕیانی دامەزرێنەری ڕێکخراوی ئێمە و بۆ یەکەم جار بە لێکدانەوەیکی ورد و تایبەتی لە بارودۆخی تایبەتی ئێران لە بواری ئابووری ، شێوازی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری سەلمێندرا و بیرو بۆ چوونەکانی بەلارێ چووانەی کۆمەلگای نیوە دەرەبەگایەتی نیوە موستعمەرە و هەروەها بیر بۆ چوونی هەلّ پەرەستانەی ڕێگای پەرەسەندنی جگە لە سەرمایەداری نیشان درا. و سەلمێندرا کە پاش ریفورمەکانی سالّی ٤٢و دامەزرانی پەیوەندیەکانی نوێی بەرهەم هێنان و دابەش کردن لە کۆمەلّگا و شێوازی نوێ بەرهەم هێنان و پەرەسەندنی هێزەکانی بەرهەم هێنەر ، رۆلّی پێش بردنەوەی بۆرژوازی میللی گۆمانێك زۆرتر نیە و لە بەر خەباتی دژی ئیمپریالیستی یان سەرمایەی جیهانی خەبات دژی سەرمایەیە و شۆڕشی سوسیالیستی لە جەرگەی ئەو خەباتە پەرە دەستێنێ ، بۆیە بۆرژوازی میللی ناتوانی لەم خەباتە بەردەوام بێت و بە هۆی هەل و مەرجەکانی مێژوویی بوونی خۆی و پەیوەندیەکانی لە گەلّ سەرمایەی دەرەوە لە بەسیج کردنی کۆمەلانی خەلّك بێ توانا و تووشی گۆمانە. و لە کۆتایی دا بورژوازی میللی لە کاتێك دا کە هێشتا پەرەی نەستاندووە لە ژێر زەختی سەرمایەی دەرەوە بێ هێز دەبێت و ئیمکانی ڕێکخستنی چینایەتی خۆی لە دەست دەدات و بەرە بەرە لە ناو دەچێت. و سەبارەت بە وردە بورژوازی و رۆلّ و جێگە و شوێنی ئەو ئاوا هەلّیان سەنگاند کە ئەمانیش بە هۆی هەل و مەرجی مادی بەرهەم هێنانیان ، هیچ کات ناتوانن هێزێکی سەر بە خوێ سیاسی بن و بۆیە یان دەبی بچنە ژێر ڕەکیفی ڕێبەری پرولەتاریا و یان بچن بەرەو لای بورژوازی و ئەمەش لە حالێکدا بوو کە پرولەتاریا هەچەند لە بواری چەینەتی لاواز بوو بەلاّم لە بواری چوینەتی و ئیمکانی ڕێکخستن زۆر بەهێز بوو . لێکدانەوەی ئابووری و کۆمەلاّیەتی و سیاسی ئاوا بە لە بەر چاوگرتنی ئاستی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئەو دەورانە ، دەسکەوتێکی گەورە و هەنگاوێکی گرینگ بەرەو پێش بوو . بۆیە بە خێرایی بووە ڕوانگەی سەرەکی لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران . بەلاّم ئەساسی ڕێگای دەرچوون لە گرفتی بارودۆخی بەربەست کەروەوە بوو و پێك هێنانی حیزبی چینی کرێکار و پەیوەندی ئەو لە گەلّ چینی کرێکار و ڕێبەری پرولەتری شۆڕش ئاوا کە ڕەوتی خەباتی بەکردەوە داواکاری ئەو بێت و یان زەمینەی ئەو لە نیوان کرێکاران و کۆمەلاّنی جگە لە کرێکار واتە زەحمەتکیشانیتر فەراهەم بێت.

ئەگەر بابەتی دامەزراندنی حیزب لەو قۆناخە کە لە بزووتنەوەکانی کرێکاری خەبەرێك نەبوو و یان لە پەیوەندی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاری و هەروەها لە پرۆگرام و تاکتیکەکانی دارشتراوی پرولەتری . بە دوور لە هەلّ و مەرجی عەینی بوو ئیستاش کە چینی کرێکاری وڵاتی ئێمە شۆڕشێك تێپەر کردووە و بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی لە ئاستێکی جیاواز لەو کاتەیە ، بەلاّم هێشتا گرفتی دامەزراندنی حیزب گرفتێکی جیددی بزووتنەوەی ئێمەیە. بەر حالّ ، هاوڕیانی ئێمە لەوانەی نەبوون کە تەنیا قسەیان دەکرد و دروشمیان سەر دەدا و قسەیان جگە لە کردەوەیان بوو ئەوان بۆ جێ بە جێ کردنی ئوسولّی مارکسیزمی شۆڕشگێرانە لە ژیانی ڕاستەقینە بە شێوەیکی بەردەوام و بە کردەوە تێ دەکۆشان . بۆ ئەوان مارکسیزم _ لینینزم ڕاهێنەری کردەوەی شۆڕشگێرانە بوو و یەکێك لە ئالقەکانی پچڕاندنی زنجیری قەیرانی ئەوکاتەیان لەسەرکەوتن بە سەر نێوانی تیئوری و پراتیکی شۆڕشگێرانە لە ڕێگای پەیوەند دانی ئەم دوو شتە دەزانین.بۆیە لە ڕەوتی چالاکی و کاری شۆڕشگیرانە و بە کردەوەی خوێان بە خێرایی هەلّەکان ڕاست دەکردن.ئاکامی زنجیرەێك لە باسەکانی تیئوریك،دەس پێ کردنی خەباتێکی جیددی لە ڕێگای تێکەلّ کردنی خەباتی سیاسی و نیزامی بوو بە لە بەر چاو گرتنی ئەزموونەکانی خەباتی چریکی شار.گرینگی چالاکی نیزامی هاوڕیانی فیدایی لە هێرش بو سەر پاسگای ژاندارمری سیاکەل نەك لە دەسکەوتی نیزامی ئەو کە لەو بوارە دا شکستی خوارد بەلّکو لە باری دەسکەوتی مەزنی سیاسی ئەو واتە نائەمن کردنی دوورگەی ئەمن و ئارامی ڕێژیمی شا و تیك شکاندنی داستانی زل هێزی ئەو ڕێژیمە لە ناوچەکە بوو.و بووە هوێ ئەوەی کە کەش و هەوای ترس و تۆقاندن بشکێ . هەلّبەت یەکەم ئامانجی دەس پێ کردنی چالاکی نیزامی لە سیاکەل ،هەروا ئامانجی سیاسی و سەر کەوتنی سیاسی بوو کە بووە هوێ سنوور دانانی ڕوون و یەکجاری لە گەلّ ڕەوتەکانی ئوپورتونیست و ڕویزیونیست و زیندوو کردنەوەی نەریتەکانی شۆڕشگێرانەی کۆمۆنیستی.ئیستایش بە ئەزموون وەرگرتن لە هەلّەکانی ڕابردوو و لە ناو بردنی بیرە بۆ چوونەکانی بە لاڕی چووانە و تەواو خەلّکی لە ریزەکانی ڕێکخراو،بۆ تێك شکاندنی ماشینی دەولّەتی ڕێژیمی سەرمایەداری و بە تێ گەیشتنی ئەساسی لە مارکسیزم _ لینینزمی شۆڕشگێرانە وەك زانستی رزگاری چینی کرێکار ئەزموونەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و نێونەتەوەیی کرێکاران سەر مەشقی خوێ داناوە و سنووری ڕوون و ئاشکرای لە گەلّ ڕویزیونیسم و ئوپورتونیسم دەپارێزێ.

ڕێکخراوی یەکیەتی فیدائیانی کۆمۆنیست بە ئیلهام وەرگرتن لە ئامانجەکانی شۆڕشگێرانەی فیدائیان لە ڕەستاخیزی سیاکەل تاکو ئەمرو و پەروەردەکانی مارکسیزم _ لینینزمی شۆڕشگێرانە ، لایەنگری بەکگرتوویی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە سەر ئەساسی مارکسیزم _ لینینزم و ئەنترناسیونالیزمی پرولەترین .

# شکۆدار بێت یادی ڕاپەڕینی مەزنی ڕێبەندانی ۱۳۵۷

بیست و چوارەمین ساڵرۆژی ڕاپەرینی ڕێبەندان وەك گرینگترین و بەرچاوترین خاڵی دەس پێ کردنی شۆرشی گەلی ئیران ، تێ پەر دەکەین . ڕاپەرینێکی شکۆدار کە بێ گومان ئیلهام وەر گرتوو و ئاکامی حەتمی خەباتێکی نوێ لە ئاستی بزووتنەوەی نوێی کۆمەلایەتی ئیران واتە بزووتنەوەی نوێی کۆمۆنیستی لە ۱۹ی ڕێبەندانی ۱۳٤۹ و هێرشی ڕاستەوخۆ بۆ سەر نیمادەکانی سەرکوت و کینەی دژی شۆرش لە لایەن هێزی شۆرشگێر بوو کە ئەم جارە لە لایەن هێزی میلیونی کۆمەلانی خەلك جێ بە جێ کرا . بیست و چوار ساڵ لەمەو بەر لە ۲۲ی ڕێبەندانی ۱۳۵۷ کۆمەلانی خەلکی چەوساوە لە ڕەوتی ڕاپەرینێکی گشتی و لە بەرزترین شێوازی ئەو ، واتە ڕاپەرینی چەکدارانەی خەلکی ، بە دروست کردنی باریگاد لە شەقامەکان و هێرش بۆ سەر ئورگان و نیمادەکانی سەرکوت و پارێزەری سیستەمی داسەپاو و تێك شکاندنی هێز و توانای ئەوان ، ئیرادەی پتەوی خۆیان بە مەبەستی پێك هێنانی گۆرانکاری بنەرەتی لە بواری کۆمەلایەتی– سیاسی و ئابووری کۆمەلگا نیشان دان . ڕاپەرینی ۵۷ بێ گومان شکۆدارترین ڕووداوی شۆرشی ئیرانە ، و ئامانجەکانی شۆرشگێرانەی کە گرینگترین خاڵەکانی دەس پێ کردنی ئەو بوو ، هێشتا مەزنترین ئامانجەکانی خەباتی کۆمەلانی چەوساوەی ولاتی ئێمەیە . بیست و چوار ساڵ لەمەو بەر کاتێك کۆمەلانی وە زاڵ هاتوو لە ستەم و چەوسانەوەی سیستەمی سەرمایەداری و ڕێژیمی پاشایەتی لایەنگری ئەو ، بۆ وەدی هێنانی ویست و ئارەزووەکانیان ،ڕاپەرین.بەو هیوایە لاپەرەیکی خوێناوی لە مێژووی خەباتیان هەلدانەوە کە تێ دەکۆشان تاکو چارەنووسی خۆیان بە دەستی خۆیان دیاری بکەن، ئامانج و ئارەزووەکانیان وەدی بێت، هەژاری و نکبەت و چارە رەشی سێبەری رەشی خۆی لە سەر ژیانیان هەلگرێ ، بەشداری ڕاستەوخۆ بکەن لە دیاریکردنی چارەنووسی کۆمەلگا ، و لە یەك ووتەدا موژدە دەری ژیانێکی نوێ و بە دوور لە هەر چەشنە رەنج و دەردێکی سەرچاوە گرتوو لە پەیوەندیەکانی زالمانەی داسەپاو بە سەر ولاتمان بێت . بلام نەك تەنیا ئەم کارە بە ئەنجام نەگەیشت ، بەلکو ئەم جارە دەسەلاتی سەرمایەداران بە سەر خانێکی سیاسی دواکەوتووتر و وەحشیانەتر لە ڕێژیمی پێشوو ، و لە سەر ئەساسی وەلایەتی فەقیح ئەرکی ڕێژیمی پێش لە خۆی بۆ پاراستنی سەروەری و دەسەلاتی سەرمایە و سەرکوتی هەر چی زۆرتر بە ئەستوو گرت . ئاکامی ئاوا سات و سەودایێکی سیاسی شتێك جگە لە گرانی ، قەیران ، بێکاری و بێ خانوویی ، هەژاری و نەداری ، شەری ناعادلانەی هەشت ساڵە ، گرتن و زندان و ئەشکنجە و ئیعدام و سەرکوتی دڕندانەی نەتەوەکانی ژێر ستەم لە لایێکەوە و پەرواتر بوونی سەرمایەداران و چینەکانی چەوسێنەر لە لایێکی دیکەوە ، شتێکی‌تر نەبوو .

ڕاپەرینی ڕێبەندان لە هەل و مەرجی نەبوونی یەکیەتی و ڕێکخستنی چینی کرێکار و کۆمەلانی زەحمەتکێش، لە نەبوونی ڕێبەرایی‌تێکی شۆرشگێر کە لە هەل و مەرجی ئێستادا تەنیا لە ڕێگای ڕێبەرایەتی ڕێك خراوی چینی کرێکار بە ئەنجام دەگات ، لە نیوەی ڕێگادا ڕاوەستا و دەسەلاتی جێگیری دەسەلاتی پێشوو دروست لە بەرانبەر ئەو شتەی کە کۆمەلانی خەلك بۆ ئەو خەباتیان کردە بوو ، هەنگاو هەلگرت. هێرش بۆ سەر ئورگانەکانی دەزگای دەولەتی بورژوازی و ئامرازی پاراستنی دەسەلاتی سەرمایەداران و مۆفتەخورانی‌تری ناو کۆمەلگای ڕاگرت.و رۆژی دوای ڕاپەرین هەولێ دا تاکو ئەو زەبرانەی کە لە دەزگاکانی سەرکوت و چەوسانەوەی کرێکاران و زەحمەتکێشان کەوتە بوو چاك بکاتەوە. بۆیە ئورگانەکانی‌تر وەك سوپا ، کومیتە و جیهاد و . . . لە پاڵ ئورگانەکانی سەرکوتی پێشوو دامەزراند تاکو دەسکەوتەکانی ڕاپەرینی کۆمەلانی خەلك یەك بە دوای یەك سەرکوت بکات . هەر چەند خەباتی کۆمەلانی چەوساوە بە مەبەستی پاراستنی دەسکەوتەکانی ڕاپەرین لە هێرشی دواکەوتوویی و دەزگاکانی سەرکوت تا ماوەیێکی زۆر لە ئاستێکی بەرز و لە هەندێك لە ناوچەکان لە بەرزترین ئاست و شێوازی خۆی ، درێژەی خایاند و ئیستایش لە شێوازەکانی‌تری خۆراگری و خەبات درێژەی هەیە . ڕەوتی ڕووداوەکانی پاش ڕاپەرینی‌نیشانی دا ،کاتێك چالاکی کۆمەلانی خەلك و خەباتی پر لە حەماسەی ئەوان بۆ دامەزراندنی کۆمەلگایێکی نوێ و پێك هێنانی گۆرانکاری ئەساسی لە پەیوەندیەکانی کۆمەلایەتی بە ئاکام دەگات ، کە کۆمەلانی خەلك بۆ وە دەست هێنانی دەسەلاتی سیاسی و دامەزراندنی دەسەلاتی خۆیان خەبات بکەن و ئەم ئەرکە جێ بە جێ بکەن . ئەگەر هێرشی دژی شۆرش بۆ سەر ئورگانەکانی خەلکی وەك شووراکانی کرێکاری و جووتیاری و هیتد . . . لە ڕێکخستن بەهرەمەند بوو لە بەرانبەردا بە هوێ نەبوونی ڕێبەری پرولەتاریا لە ڕەوتی ڕاپەرینی ۵۷ کە نەیتوانی دەسەلاتی سیاسی بداتە کۆمەلانی خەلکی ڕاپەریو ، هەوڵ و تێکۆشانی کۆمەلانی خەلك بۆ پاراستنی ئورگانەکانی خەلکی لە بەرانبەر هێرشی سەرکوتگەران بە هوێ نەبوونی ڕێکخستن ، کورت خایەن بوو.و بەرەبەرە بزووتنەوەی خەلکی لە بەرانبەر هێرشەکانی دژی شۆرشی دەسەلاتدار تووشی پاشەکشە و لاوازی بوو.گۆرانی هاوسەنگی هێزەکان بە قازانجی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی دژایەتیەکانی ناوخۆیی کۆمەلگا،بوونی هەشت ساڵ شەری دواکەوتووانە و ناعادلانەی دژی خەلکی لە گەل دەولەتی عیراق ئەم ئیمکانەی بۆ ڕێژیم فەراهەم کرد

تاكو سەرەرای پەرەسەندنی قەیرانەكانی توندی ئابووری – سیاسی و كۆمەلایەتی ، گرفتەكانی ناوخۆیی كە تووشی بوو داپۆشیٚ و بە فریوكاری و بە لاریٚ بردنی بیر و بۆچوونی گشتی ناوخۆیی و نیۆنەتەوەیی بۆ لای بەرەكانی شەری دژی گەلی خۆی لە گەلٚ عیٚراق ، گۆرەپانەكانی نویٚ بە مەبەستی هیٚرش بردنەوە سەری مالٚ و ژیانی كۆمەلانی خەلٚك و هەموو دەسكەوتەكانی خەباتی ئەوان ، بۆ خۆی پیٚك بیٚنیٚ . مافەكانی دیمۆكراتیك پیٚشیلٚ بكات و بە گرتن و ئەشكنجە و ئیعدامی بە كۆمەلٚ و بە گولـلـه بەستنی خەلٚك لـه سەر شەقامەكان ، هارترین و درِندانەترین شیٚوەكانی سەركوت دژی بزووتنەوەی خەلٚكی بە كار بهیٚنیٚ . ئەمرۆكە سەرەرای سەركوت و زەختی وەی‌حشیانەی دەسەلاٚتداران و ئورگانەكانی سەركوتگەر نەك قەیٚرانی ناوخۆ كۆمەلٚگا پەرەی ساندووە ، بەلٚكو بوونی قەیٚرانەكانی ئابووری ، سیاسی ، كۆمەلایەتی وەك هۆكارەكانی عەینی پەرەسەندنی بزووتنەوەی شۆرشگیٚرانەی خەلٚكی برِیاری لـه ناو چوونی حەتمی سیستەمی كۆن و رِزیوی داوە .

پەرەسەندنی ناكۆكیەكانی نیٚوان بالٚەكانی بەشدار لـه دەسەلاٚت بە دوای پەرەسەندنی قەیٚرانەكانی ناوخۆی كۆمەلٚگا تا ئەو جیٚگایە كە هەر كام لـه بالٚەكان هەولٚی ئەوە بدەن تاكو كارامە بوونی خۆیان لـه خزمەت كردن بە سەرمایەی ناوخۆیی و سەرمایەی جیهانی و پاراستنی ئەمنیەتی ئەوان بسەلٚمیٚنن و لـه دەسەلاٚتدا رِۆلٚی زۆرتر ببینن ، پشتیوانی ئاشكرا و نهیٚنی ئیمپریالیزمی جیهانی و بنیاتەكانی سەرمایەی جیهانی وەك بانكی جیهانی و سندووقی نیٚونەتەوەیی دراو لـه سیستەمی داسەپاو و بەستنی ریٚككەوتننامەكانی ئەسیر كەرەوە لـه نیٚوان بنیاتەكان سەرمایەی جیهانی و ولاٚتانی ئیمپریالیستی و ریٚژیمی ئیٚران هەموو نیشانەكانی ترس و هەراسی سەرمایەیە لـه پەرەسەندنی قەیٚران و بە مەبەستی كونترۆلٚی قەیٚران لانی كەم لـەم كاتە ناسكەدا كە نارەزایەتی گشتی پەرە دەستیٚنی و بزووتنەوەی سەرانسەری خویٚندكارانی زانكۆكان و كۆمەلانی كریٚكار و زەحمەتكیٚش لـه رەوتی بەرەو پیٚش چوونیان پیٚكەوە نیٚزیك و نیٚزیكتر دەبنەوە و بە بەرز كردنی دروشمەكانی هاوبەشی سیاسی خەباتی هاوبەشیان بۆ وەدی هیٚنانی ئامانجەكانیان بەرەو پیٚش دەبەن .

ئەزموونی راپەرینی ٥٧ فیٚرمان دەكات كە گەیٚشتن بە دەسەلاٚتی كۆمەلانی كریٚكار و زەحمەتكیٚش تەنیا بە ریٚكخستن بۆ دامەزراندنی ئاوا دەسەلاٚتیٚك مسۆگەر دەبیٚت . ئەمەیش مومكین نابیٚت جگە لـه كار و چالاكی بەردەوام و ئامانج دار لـه ریٚگای یەكیەتی ریزەكانی كۆمۆنیستەكان و پیٚك هیٚنانی تەنیا یەك ئیرادە لـه ناو ریزەكانی ئەوان و دیاریكردنی لایەنی دیاریكراو بە كار و چالاكی ئەوان .



**بە دوای راپەرینی ریٚبەندانی ١٣٥٧ (١٩٧٨) ئالٚ و گۆریكی گریٚنگ لە چوارچیٚوەی چینایەتی كۆمەلٚگای ئیٚران هاتە كایەوە، رووخانی كاتی بۆرژوازی گەورە، ناسراو بە (كۆمپرادور) لە دەسەلاٚتی سیاسی، بە هیٚز بوونی بورژوازی توجاری و مام ناوەندی، پیٚكەوە نانی چوارچیٚوەی ئائینی سیاسی لە سەر رەوتی سیستەمی سەرمایەداری ئیٚران، هۆكارەكانی وەك پچرِانی پەیٚوەندی لە گەلٚ ئەمریكا، سەر بەخۆیی سیاسی ، شەری هەشت سالٚە ، پەرەسەندنی بازرگانی ئاسیای ناوەراست بۆ ناردراوەكانی ئیٚران، پەرە سەندنی سەنعەتی ناوخۆیی و ناردنی بەرهەمەكانی كشت و كالٚی و سەنعەتی ، دامەزراندنی كارگەكانی بچووك لە رادەیٚكی بەر بلاٚو بۆ وەلاٚمدانەوە بە پیٚداویستیەكانی شەرِ و وەگەر خستنەوەی سەنعەتەكانی پیٚوەندی دار لە گەل شەر، جیٚ پیٚ بۆرژوایی قایٚم كرد و بەم شیٚوەیە پرۆسەیٚك كە لە كاتی دەسەلاتداریەتی رەزاخان بە كۆ كردنی دەسەلاٚت لە سیستەمی سەلٚتەنەتی ئەو دەستیٚ پیٚ كردە بوو ، ئەمجار بە كۆكردنی دەسەلاٚت لەدەزگای دەولٚەتی ئائینی بە پالٚپشتی وەلاٚیەتی فەقیح ، دریٚژەی بە پەرەساندنی خۆی دا.**

**بەشی یانزەهەمی بەڕێوەبردنی بڕیارەکانی سەدەی ناوەڕاست لەم سەدەیەدا :**

**ب ــ سیاسەتی دەرەوە و پەیوەندی لە گەڵ دونیای ڕۆژئاوا**

ڕێژیم لە درێژەی سیاسەتەکانی ئابووری شکستی خوارد و جێ بە جێ کردنی بەرنامەکانی بەرهەمێك جگە لە قەیرانی قووڵی ئابووری و کۆمەڵایەتی بە دوادا نەبوو . بۆ ڕا کردن لە قەیرانەکان ، چاوی بڕیە سەرمایەکانی وڵاتانی سەرمایەداری ڕۆژئاوا و بۆ ڕاکێشانی سەرنجی ئەوان دەستی دایە هەندێك جم و جۆڵ . لە سەرەتاوە چاوپۆشی کرد لە دروشمی ناردنی شۆڕشی ئیسلامی و لە دژایەتی وڵاتانی سەرمایەداری ڕۆژئاوا و بە تایبەت ئەمریکا دەستی هەڵگرت و پەرەی بە وت و وێژی نهێنی لە گەڵ ئەوان دا و بە بەرز کردنی دروشمی دیالۆگی شارستانیەکان ، خوازیاری لا بردنی ناکۆکیەکان و وت و وێژی نهێنی بوو . باڵی وەلایی کە لە نێزیکەوە چاودێری جم و جۆڵی دووی جۆزەردانیەکان دەکرد ، ڕەوتی سیاسەتی دەرەوە بە قازانجی خۆی نەبینی و کۆسپی دەخستە بەر ڕێگای ئەوان و پەیوەندیەکانی دەرەوەی تووشی گۆڕانکاری کرد و بارودۆخەکە ئاڵۆزتر کرد . سەرمایەداری ڕۆژئاوا لە ڕەوتی گۆڕانکاریەکان لە ئێران و بە هێز بوونی دووی جۆزەردانیەکان ناهومێد بوو و سەرنجی بۆ لای بە دەستەوە گرتنی سەرچاوەکانی ماڵی ڕاکێشرا . سەرنجی نەدایە مافی مرۆڤ لە ئێراندا و لە بەرانبەری دەسگیری و ئەشکنجەی ئەندامانی نەهزەتی ئازادی ( بزووتنەوەی ئازادی ) و میللی ــ مەزهەبیەکان بێ دەنگ بوو و بۆ سرووشتی نیشان دانی سەرکوت لە ئێران ، ئەم بابەتەی وەك بە دواهاتێك لە ڕەوتی تێ پەڕین بەرەو دیمۆکراسی لە ئێران ناویان برد . لە بەر ئەوەی کە وڵاتانی ئۆرووپایی تواناى سەرمایەدانانی درێژ خایەنیان نەبوو و تەنانەت بۆ سەرمایەدانان بۆ ماوەیکی دیاریکراویش ئامادەی هیچ جۆرە ریسکێك نین ، ڕوویان هێنایە دانی قەرز لە گەڵ قازانجەکانی زۆر و کورت خایەن بە ڕێژیم . هەروەها بە ئیمزا کردنی ڕێککەوتننامەکانی پڕ لە قازانج و بێ ریسکی بای ــ بەك ( Buy _back ) لە سەر سەرچاوەکانی نەوت و گاز و ئاو لە گەڵ ڕێژیم مەعامەڵەیان کرد . بە دیتنی سەرچاوەکانی نەوت و گازی ئێران بابەتی مافی مرۆڤــ بە تەواوی بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا بابەتێکی کۆن بوو . تەنیا نارەحەتی دەسەڵاتدارانی ڕۆژئاوا ئاشکرا بوونی ڕێککەوتننامەکانی دیل کەرەوەی ئەوان لە گەڵ ڕێژیمی خوێن مژی کۆماری ئیسلامیە . لە گەڵ بارودۆخی نا لەباری ڕێژیم و گۆڕانکاریەکانی زۆر قووڵ لە ناوچەی قەفقاز و ئاسیای ناوەندی ، سەرنجی سەرمایەکانی ئەمریکایی بۆ لای وڵاتانی تازە سەربەخۆی کۆمارەکانی یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو ، ڕاکێشراوە و ئامادەی سەرمایەدانان لە ئێراندا نین و ئێران لە پلەی یەکەم بۆ ئەم مەبەستە دانانێ . بۆ ئەمریکا ئەمنیەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پاراستنی بیرەکانی نەوتی قەراخ باشووری کەنداوی فارس لە پلەی یەکەم دانراوە ، نەك سەرمایەدانان لە ئێران . بە لە بەرچاو گرتنی ئەم ڕاستیە دایە کە ئەمریکا گرینگیێکی ئەوەندەی بۆ ئێران دانانێ . بۆیە لە دامەزراندنی پەیوەندیەکان لە گەڵ کۆماری ئیسلامی پەلە ناکات .

**پ ــ ئەمنیەت و سەرکوتی نەیاران**

نەبوونی تەنیا یەك ڕێبەری و بوونی دەزگاکانی یەك جۆر لە کۆڵەکەکانی دەسەڵات ، بەرنامەکانی ڕێژیمی لە گەڵ شکست ڕووبەڕوو کرد و بووە هوێ توندتر بوونی ناکۆکیەکانی ناوخۆیی ڕێژیم . مافیای بازاڕ و مافیای بوروکرات ئەساسی چارەسەری گرفتەکانی ڕێژیم لە ڕێککەوتنی ئەم دوو باڵە و لە ناو چوونی هێزەکانی ڕەخنەگری دووی جۆزەردانی دۆزینەوە و بە ڕێکخستنی هێزەکانی سەرکوت بە مەبەستی هێرش بۆ سەر هەموو هێزەکانی نەیار و تەنانەت ڕەخنەگرانی ڕێژیم ، بەرنامەی خۆیان بە شێوەی خوارەوە دارشت .

**١ــ چارەسەری ناکۆکیەکانی ناوخۆیی ڕێژیم**

لەگەڵ پەرەسانندنی قەیرانەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری نارەزایەتیەکانی خەڵکی شێوازێکی ڕادیکاڵتری بە خۆیەوە دەگرێ . دژایەتیەکانی ناوخۆیی ڕێژیم زۆر ئاڵۆزتر و بە کردەوە بێ چارەسەر ماوەتەوە . باڵی بە هێز بە گرتنی ڕۆژنامە نووسان و ئەندامانی نەهزەتی ئازادی ( بزووتنەوەی ئازادی ) و ڕەخنەگرانی کۆماری ئیسلامی هێرشی خۆیان بۆ سەر باڵی خەتی ئیمامیەکان دەس پێ کرد و بنیاتەکانی ژێر ڕەکیفی ئەوان یەك بە دوای یەکتر بێ متمانە و بێ گەی ئەوان لە ناو کۆمەڵگادا لە ناو دەبەن . کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندی سیستەم و بنیاتی وەلی فەقیح بە کردەوە هەموو دەسەڵات بە دەستەوە گرتووە و دەسەڵاتی چاودێری سەروك کۆماری لە سێ هێز دراوەتە کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندی سیستەم و پڕۆگرامی سیاسی و ئابووری لە لایەن کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندی سیستەم دادەڕێژێ و بۆ جێ بە جێ کردن دەدرێتە هێزی جێ بە جێ کەر . باڵی بە هێز سەرەڕای ئەوەی کە ئۆرگانەکانی زۆر بە هێز وەك هەموو هێزەکانی نیزامی و ئینتزامی و هێزی بڕیار دەر لە دەستیەتی ، بە تەمای بە دەستەوە گرتنی هەموو بەڕێوەبەرایەتی جێ بە جێ کردن و بە ڕواڵەت کردنی ڕۆڵی هێزی یاسا دانانە . و بە بڕیارەکانی حکومەتی ، یاساکان بە پەسەند دەگەیێنێ و یان پلان و گەڵاڵەکان لە دەستووری مەجلیس دەردێنێ . لە کاتێك کە نوێنەرانی مەجلیس سەرپێچی بکەن لە لایەن هێزی بڕیار دەر دەدرێنە دادگا و پاشان بۆ زیندان ڕەوانە دەکرێن . لە قۆناخی دوایی هەڵبژاردنەکان لە ڕێگای شووڕای پاراستنی یاسای ئەساسی فیلتێرێکی قایمتر دابنەی و نوێنەرانی سەدلسەد جێگای متمانە بۆ مەجلیس بنێرێ . و هەموو باڵی ناسراو بە ڕیفۆرم خواز لە کاروباری دەوڵەتی لا ببات و تەشکیلاتەکانیان بباتە ژێر زەبری هێزەکانی ئەمنیەتی .

**٢ــ ڕێکخستنی ئۆرگانەکانی ئەمنیەتی و نیزامی و سەرکوتی هەر جۆرە جم و جۆڵێکی نارەزایی .**

هاوکات لەگەڵ ئاشکرا بوونی سیاسەتەکانی سەرکوت

←

و تیرور و ئاشکرا بوونی رانت خورەکانی ئابووری ، بززوتنەوەی خەڵکی هاتە ناو ژیانی سیاسی کۆمەڵگا و بە جم و جۆڵەکانی بززوتنەوەی دانشجوویی لە ساڵی ١٣٧٨ی هەتاوی ، بزووتنەوەی خەڵکی چووە قۆناخێکی تازە و ڕەوتە سیاسیەکانی پەیوەند دایە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و ڕیژیمی بە تەواوی خستە بەر مەترسی رووخان . بە کەڵك وەرگرتن لە ئەنتیرنێت و راگەێنەرەکانی جۆر بە جۆر ، ڕێکخراوەکانی شۆڕشگێر و ڕەوتەکانی جۆر بە جۆر بوونی خۆیان راگەیاند و لە گەڵ بزووتنەوەی خەڵکی پەیوەندیان دامەزراند . ڕێژیم لەم بارودۆخەدا ، پروگرامی خۆی لە سەر لە ناو بردنی هێزەکانی رەخنەگری ناوخۆیی و یەك دەست کردنی ڕێکخراوی دەوڵەتی دارشت .

باڵی بە هێز بۆ پاراستنی سیستەم ، خوازیاری سەرکوتی باڵی خەتی ئیمامی دووی جۆزەردان بوون و ئوانیان تووشی دوو بەرەکی و لە ناو چوون کرد . بە دامەزراندنی ڕێکخراوی ئیتلاعاتی ( زانیاری ) نهێنی لە هێزەکانی ئەمنیەتی جێگای متمانە لە ئیتلاعاتی سوپا و وزارەتی ئیتلاعات دەستیان دایە هێرشی بەربلاو دژی هێزەکانی لایەنگری ریفۆرمەکان لە سەرەوە و هێزەکانی کاریگەری ئەویان دەسگیر و بە وەرگرتنی زانیاری و تەواب کردنی ئەوان و پاشەکشەی ئەوان ، زەبرەکانی دوائیان لێ ان وەشاند و بە خۆڵقاندنی کەش و هەوای ترس و تۆقاندن لە ناوخۆی کۆمەڵگا بە دوای وەدی هێنانی ئامانجەکانیان بوون . و دەنگی ریفۆرمخوازانی دەوڵەتیان خەفە کرد و دیکتاتۆری تەواویان دامەزراند . لە گەڵ وە رێ خستنی جل و بەرگ مەدەنیەکان ( حیزبوڵلا ) هێرشیان بردە سەر جم و جۆڵەکان و کەش و هەوای پۆلیسیان لە ناوخۆی کۆمەڵگا دامەزراند . سەرکردەکانی ڕێژیم بە وەحشیگەریەکانی سەدەکانی ناوەراست دەستیان دایە دەر کردنی بڕیارەکانی مەزهەبی و بە تەمای بە دەستەوە گرتنی هەموو هێز و دەسەڵاتی ئابووری و سیاسی و نیزامین . ڕێژیم کە لە گۆمانی چارەسەر کردنی قەیرانەکانی ئابووری لە ڕێگای سەرمایەدانانی دەرەوە ، بەڵێنی ریفۆرمەکان و کۆمەڵگای مەدەنی و ئازادی بڵاوکراوەکانی دەدا ، هاوکات بە شێوازەکانی جۆربەجۆر دەستێ دەدایە تیروری نەیارانی خۆی و تێ پەرین لە کۆمەڵگای بێ یاسای ئیسلامی بەرەو کۆمەڵگای مەدەنی ئیسلامی و حکومەتی فەقیحەکان لە ژێر سێبەری تەنیا خەلیفەی موسڵمانان و گوێ بە فەرمانی وەلی فەقیح ، لە لایەن کەسێکی چەور زمان و فریوکار کە لە مەکتەبی بەهەشتی و خومەینی بووتە وەستا . خاتەمی وەستای دواندن و فریوکاری ، بە پێ کەنین لاسایی خومەینی دەر دەهێنا و بەڵێنەکانی خومەینی لە بەهەشتی زەهرای هەڵبەت بە فاکتۆر گرتن لە هندێك لە قسەکانی خومەینی دوو پات کرد ، ئەم چەور زمان و گوێ ڕاگرە بە قسە و فەرمانی هاشمی لە دەورەی چوار ساڵەی سەروك کۆماری سیمای راستەقینەی خۆی نیشان دا و بۆ ڕا کردن لە ئاشکرا بوونی سیمای خۆی بە هەر شتێك خۆی هەڵدەواسی . بەڵام نەیتوانی بەر بە سەرە لێژکەیی حکومەت بگرێ و لە لایەن لایەنگران و باڵەکانی جۆربەجۆر بە بێ دەسەڵاتی و بە بێ توانایی مەحکووم کرا . تەنانەت لە بواری سیاسەتی دەرەوەیش نەیتوانی سەرنجی ڕۆژئاوائیەکان بەرەو لای خۆی ڕاکێشێ و ئوانیان بە خۆی خۆش بین بکات و خاتەمی ئەوەندە بێ متمانە کرا کە لایەنگرانی ریفۆرمەکانی حکومەتی بە نارەزایی لە کاتی کاندیداتۆری سەر لە نوێی ئەو بۆ ئەو تەبلیغیان کرد . خاتەمی لە دەورەی دووهەمی هەڵبژاردنەکان بە دانی دروشمی دیفاع لە یاسای ئەساسی کۆماری ئیسلامی و وەلایەتی فەقیح و ڕەت کردنی ریفۆرمەکان مۆری تەعیدێ لە یاسایی بوونی ئەشکنجە و زیندانی کردنی لایەنگرانی خۆی دا . و هیوادار بوو تاکو لە دابەش کردنی دەسەڵات ، جێگایێك بۆ ئەو دیاری بکرێت . بەڵام قەد نەیتوانی لەوەی تێ بگات کە لەم دەورەیەدا دەبێ کەسێکی بە تەواوی گوێ ڕاگر و فەرمانبەر بێت و یان بە شێوەێکی دڵخوازانە لا بچێت و خۆی خەریکی دەسکەوتەکانی بکات وکوشتارخانەی خۆی بەرێوە ببات . بە هەر حاڵ ، ڕێژیم بێ توانا لە چارەسەر کردنی قەیرانەی‌کانی ئابووری ، کۆمەڵایەتی ، سیاسی ، فەرهەنگی و سەرەرای بوونی ناکۆکیەکانی بێ چارەسەری ناوخۆیی ، خەریکی ڕێکخستنی سەرکوتی هێزەکانی شۆرشگێر و ئازادیخواز بە شێوەی خوارەوە بوو .

(( بەشی کۆتایی لە ژمارەی داهاتوو ))



راستی ئەمەیە کە بۆرژوازی ئیران دەیهەوی لە گەڵ پێك هێنانی ئاڵ و گۆر لە بنیاتی دەوڵەتی. مەزهەبی و بەو ریفورمانەی کە پارێزەری قازانجی بەشێکی گەورە لە بەرهەم هێنەرانی مام ناوەندی و وردە، بەشێکی گرینگ لە ئەحزابی ئوپوزیسیون و رووناکبیران و کۆر و کۆمەڵەکانی ئەدەبی و هونەری بەرەو لای بەرەی خۆی راکێشی،و بارودۆخیکی گونجاو بۆ گەرانی سەرمایە و پەیوەندی بەرامبەری پەرە ئەستێنەر لە گەڵ سەرمایەی جیهانی پێك بێنێ. لە حاڵێکدا لە ناوەندگرایی دەوڵەتی و بوونی ئورگانەکانی چاوەدێری مەزهەبی بۆ دژایەتی لە گەڵ بزووتنەوەی کۆمەلانی خەڵك کەڵك وەرگرێ.سەرەرای ئەو، گۆرانکاریەکانی سەرچاوە گرتوو لە دانانی یاساکانی بازار و سندووقی نێودەوڵەتی‌دراو و پرۆژەکانی تایبەتی کردن و ئەو ئاڵ و گۆرانەی کە لەوانەیە بەدوای ئاڵ و گۆر لە پێك هاتی ئۆرگانیکی سەرمایە بێتەکایە و هەروەها چارەسەر نەکردنی گرفتی نەتەوەکانی جۆراوجۆر و یەکسان نەبوونی گەشەی ئابووری وهتد...لەپاڵ داخوازیەکانی رادیکاڵی کرێکاران، بێکارەکان، لاوان، کە بەشی ئەوان لە سفرەی تالان شتێك جگە لە بەردەوام بوونی هەژاری و نەداری نیە، ئەم هۆیانە، بۆرژوازی ئیران و هاوتای جیهانی ئەو بەم قەناعەتە دەگەێنێ ، ئەو کاتەی کە قازانج و بەرژەوەندی خۆیان بە دەست هێنان ، بۆ بەرگری کردن لە هەر چەشنە جوولانەوێکی رادیکاڵ شمشێرەکانیان وەدەر بێنن .

چەکوچە خوێنی من لە دەستی کرێکار

داسە خوێنی من لە دەستی جووتیار

# لیستەی شەهیدانی ڕێکخراو لە مانگی ڕێبەندان

| | | |
|---|---|---|
| نەعمەت ئەحمەدی | ئەسعەد یەزدانی | مەهدی ئەقتدار مەنەش |
| مەحموود ئەمین زادە | ئیبراهیم | موحسین نوور بەخش |
| فرەیدوون بانەیی | ئەبولقاسیم هەمەتی | مەسعوود پەروەرەش |
| ئیسماعیل بەرزگەر | محەمەد جەواد شەرەف نیان | خسرەو پەناهی |
| سەید فرەیدوون پدرووود | ئەکبەر پارسی کیا | فەتح عەلی پەناهیان |
| حوسین جورجانی | محەمەد ئەمین نورایی | عەبدوڵ مەجید پیرزادە جەهرومی |
| محەمەد رەزەوی | محەمەد عەلی مەلەکوتیان | محەمەد عەلی خسرەوی ئەردەبیلی |
| حەسەن حەسەن پوور | عەباس تەبریزی | کرامەتوڵلا دانشیان |
| عادڵ خونا مێر دەشتی | موحسین نیکرام | مستەفا دەقیق هەمەدانی |
| شێر محەمەد درەخشەندە توماج | جەعفەر پەشامی | کاووس رەهگوزەر |
| مەسعوود رەحمەتی | مەحموود جەنەتی | کەیومەرس سە نجەری |
| جەعفەر رەزایی | رەزا سەید ئەڵشوهەدایی | قاسیم سیادەتی |
| جەهانشا سەمیعی ئیسفەهانی | حەسەن محەمەد پوور | بابەك سەیلابی |
| حشمەتوڵلا شەهبازی | حوسین محەمەد زادە | محەمەد جەواد عرفانیان |
| کریم شێخی | سەعادەت محەمەدی | ئەنووشە فەزیلەت کەلام |
| بەهنام قاسیم زادە رەزەوی | ئەحمەد محەمەدی | خسرەو گولسورخی |
| جەهانگیر قەڵعە میاندوئاب | فاتیمە محەمەدی | جەعفەر موحتەشەمی |
| عەباس کامیارانی | عەبدوڵحەکیم مەختوم | حەمید مؤمەنی |
| ئیبراهیم کوردی | فەرشاد مەرعەشی | حەمید مۆمەنی |
| محەمەد تاهیر رەحیمی | موراد میرزایی | حەمید رەزا هەزار خانی |
| مەنیژە ئەشرەف زادە کرمانی | عەلی نەوزەری | پوران یەدولاهی |
| موحسین بتحایی | حاج قولی نور قولی زادە | بەهروز عەبدی |
| حەسەن فەرجودی | تەواق محەمەد واحدی | یوسف زەرکار |
| بەهمەن سواڵۆنی | ئەسکەندەر | سەعید چۆخاچی |
| سەمەد حوسین زەهی | فاتیمە ئەفدەر نیا | محەمەد کاسەچی |
| ئیبراهیم پوور رەزا خەلیق | جەعفەر پەناهی | |



بگذار بذر تیر

بروید چون جنگلی

در آفتاب خون

علی حلاجیان (علی میرفطروس)

# شعر من

شعرم؟
- نمی‌دانم
شعرم -
شاید مشعل سوزانی باشد -
که شب را
می‌بلعد
و در سیاهی این حائل
- این هول -
ستاره می‌کارد.

شعرم
شاید گلی‌ست
که در فصل‌های خون
می‌روید
و یا تفنگی‌ست
- شعرم -
که بر صخره‌های تیره شب
شلیک می‌شود

شعرم
شاید قلب منقلبی باشد -
که در تپش‌های خسته و خونینش
آواز انقلاب
می‌خواند
و یا خورشیدی‌ست
که در سیاهی زندانم
می‌شکفد.

شعرم
ایمان سرفرازی‌ست
- شاید -
که در فرود خونین تازیانه
- در لحظه‌های درد -
تجربه می‌گردد
یا رودیار خروشانی‌ست
- شعرم -
که با خیل خون و خاطره
می‌پیوندد

شعرم
شاید که پرچم خونینی باشد
بر ارتفاعات روشن خشمم
و شاید هم...
- نمی‌دانم
اما من
با تمام توانم
- از نهایت تاریکی -
خشمنده و خروشان
فریاد می‌زنم:

- "نه!
نه!
نه!"

رفیق!
شعرم
شاید انعکاس صدائی باشد
که "با آفتاب رابطه دارد"

# بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان و ئەزموونەکانی لە پاش ٥٨ ساڵ

دووی ڕێبەندان بەرانبەرە لە گەڵ ٥٨ مین ساڵڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری خودموختاری کوردستان ، لە ئاوا ڕۆژێکی مێژوویدا بۆ یەکەم جار لە مێژووی گەلی کورد دەوڵەتێکی میللی دەسەلاتی بە دەستەوە گرت و ئارەزووە دێرینەکانی گەلی کورد هاتە دی . ئەگەر چی تەمەنی ئەم کۆمارە زۆر کورت بوو ، بەڵام یادی شکۆداری ئەو لە مێژووی خەباتی گەلی کورد زیندوو ماوەتەوە . کۆماری خودموختاری کوردستان کە باکوور و هندیك لە ناوچەکانی ناوەندی کوردستان بە دەستەوەی بوو ، سەرەرای جیٚ بە جیٚ کردنی هندێك کردەوەی دیمۆکراتیك وەك فێرکردن بە زمانی کوردی ، ئازادی ڕاگەیاندنی بیر و ڕا و بڵاو کردنی بڵاوکراوە و کتێب بە زمانی کوردی ، دانی مافی دەنگدان بە شیوەێکی یەکسان بۆ ژنان ، چەکدار کردنی گشتی و پێك هێنانی هێزی "پێشمەرگە " بۆ پاراستنی ئاسایش و ئەمنیەت و پاراستنی کۆمار و . . . نەیتوانی پەر بە دەسەڵاتی خۆی بە سەر هەمووکوردستان بدات و کۆمەڵانی زەحمەتکێشی گەلی کورد لە دەوروبەری کردەوەکانی ئەساسی وەك چارەسەری گرفتی زەوی و گۆرینی پەیۆەندیەکانی کۆمەڵایەتی داسەپاو ، کۆ بکاتەوە و سەنگەرێکی قایم بۆ دیفاع لە کۆمار دروست بکات . کۆماری خودموختار لە هەمان سنووری چالاکی خۆی ئاوا کردەوانەی لە مەودای دامەزرانی بۆ پاراستن و بەردەوامی کۆمار جیٚ بە جیٚ نەکرد . کۆماری کوردستان ئەگەر چی لە سەرەتاوە توانی بەرپەرچی هێرشەکانی ڕێژیم بۆ سەر کۆمار بداتەوە و جیٚ پیٚ خۆی قایم بکات و دەوڵەتی مەرکەزی مەجبوور بە قبووڵ کردنی زۆربەی داواکاریەکانی خۆی و گرێنگتر لە هەموویان دامەزراندنی کۆماری خودموختاری کوردستان بکات ، بەڵام نەیتوانی بە کردەوە جیٚ پێی ئەم کۆمارە قایم بکات و لە بەرانبەر پیلانگێریەکانی دەوڵەتی مەرکەزی ئامادە بوونی پێویست بۆ هێرشەکانی دوایی ئەو ، پێك بێنیٚ . بۆیە دەسەلاتی دواکەوتووی مەرکەزی سەرەرای پاشەکشەی سەرەتایی ، هەموو هەوڵ و تەقەلای خۆی بە کار هێنا تاکو هێرشێکی بەربڵاوتر بۆ سەرکوتی کۆماری خودموختاری کوردستان وەریٚ بخات . بەڵام کۆماری کوردستان لە هەل و و مەرجێکی دیاریکراو لە هاوسەنگی نێوان هێزەکان لە سەرانسەری ئێران ڕاگەیاندرا . هەل و مەرجێك کە لەوێدا هاوسەنگی هێزەکان بە شێوەێکی تەواو بە قازانجی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە بوو ، هۆکارەکانی عەینی ناوخۆیی و زەمینەی لە باری نێونەتەوەیی هەموو و هەموو کاریگەریان بوو لە سەر سەرکەوتنی کۆمار . بزووتنەوەێك کە بووە هویٚ دامەزراندنی کۆماری خودموختاری کوردستان ، لە سەر زەمینەی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی خەڵکانی سەرانسەری ئێران پاش رووخانی دیکتاتۆری رەزا شا ، پێك هات . بە دوای خەرمانانی ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی و هاوکات لە گەڵ هاتنی هێزەکانی هاوپەیمان بۆ وڵاتی ئێران ،بناغەی دیکتاتۆری دواکەوتوو بوروکراتیکی دەسەڵاتدار هەڵوەشا ، کەش و هەوایێکی نیوە دیمۆکراتیك پێك هات ، بزووتنەوەی خەڵکی بە هێز بوو ، ئەحزاب ورێکخراوەکانی پێشکەوتوو و شۆڕشگێر لە سەرانسەری ئێران دامەزران و لە ناو نەتەوەکانی ژێر ستەم کە زۆرترین زەخت و گۆشاری دیکتاتۆری رەزا شا لە سەر شانی ئەوان بوو بززوتنەوەکانی میللی سەریٚ هەڵدا و کۆمەڵانی بەربڵاوی خەڵك لە دەوروبەری ئەحزاب و رەوتەکانی میللی کۆ بوون ، کە گرێنگترینی ئەوان بزووتنەوەی میللی لە ئازەربایجان و کوردستان بوو کە لە هەر دووی ئەم ناوچانە پەرەساندنی ئەم بزووتنەوانە بووە هویٚ دامەزراندنی کۆماری خودموختار . هویٚ سەرەکی سەرکەوتنی بزووتنەوەی میللی لە کوردستان و ئازەربایجان ،زەمینەکانی عەینی بە هێزی ئەم بزووتنەوانە بوو . لە مەودای ژیانی دیکتاتۆری رەش ، بە تایبەت پاش شکستی شۆڕشی مەشرووتە خوازی و دامەزراندنی دەوڵەتی بوروکراتیك _ دواکەوتووی رەزا شا ، سەرکوتی نەتەوەکانی ژێر ستەم وەك یەکێك لە ئەساسی ترین کردەوەکانی دواکەوتووانەی دژی شۆڕش بۆ قایم کردنی کۆڵەکەکانی دەسەڵات کەڵکی لیٚ وەر گیراوە . ئەم سەرکوتە لە زۆربەی شوێنەکانی ئێران رووی دەدا ، بەڵام لە ئازەربایجان و کوردستان لە ئاستێکی بەرزتر و بەربڵاوتر بوو . زۆربەی ژەنراڵەکانی دیکتاتۆری داسەپاو بەرز بوونی پلەی خۆیان بە هویٚ سەرکوتی نەتەوەکانی ژێر ستەم وەك لە ئازەربایجان و کوردستان بە دەس هێنا بوون . سەرەرای ئەمە ، بوونی پەیۆەندیەکانی ڕزیوی دەرەبەگایەتی _ عەشیرەیی لە کوردستان و پاشکەوتنی کۆمەڵایەتی _ ئابووری ئەم ناوچەیە ، و پەرەپێدانی ئەم پاشکەوتنە لە لایەن دواکەوتووی دەسەڵاتدار و پاڵپشتی ئەون بە بەشێك لە کۆنە پەرەستانی خەڵکی ناوچەکە ، بۆ پاراستنی ئەم بارودۆخە ،هەمووو هەمووی زەمینەکانی مادی بوون کە لە هەل و مەرجی پەرەساندنی بزووتنەوەی گشتی ، لە ڕاپەرینی گشتی و یەك دەستی کۆمەڵانی خەڵکی کورد خۆی وە دەر دەخست . بەڵام چەوساندنەوەی میللی سەرپۆشێك بە سەر دژایەتیەکانی کۆمەڵایەتی قووڵ و نا لەباریەکانی داسەپاو بە سەر بارودۆخی ئابووری _ کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای ئەو کاتەی کوردستان بوو . بۆیە بزووتنەوەی میللی ساڵەکانی ٢٤ _ ٢٥ی هەتاوی لە کوردستان سەرەرای ئەوەی کە توانی ببێتە هویٚ دامەزراندنی دەوڵەتی میللی و لە هەموو هۆکارەکانی کاریگەر لەم زەمینەیە کەڵك وەرگریٚ ، بەڵام بە لە بەر چاو نەگرتنی ئەم راستیە هیچ کات نەیتوانی کردەوەکانی ئەساسی بۆ سەقامگیری سەرکەوتن و بەردەوام بوونی لە داهاتوو بە ئەنجام بگەێنیٚ ،گرێگترین لایەنی ئەم لاوازیە خۆی لە بیٚ دەسەڵاتی بە وەڵامدانەوەی ئەم کۆمارە بە ئەساسیترین

←

گرفتی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی گەلی کورد لەو کاتەدا واتە بابەت و گرفتی زەوی نیشان دا . چ پیکهاتی ڕێبەری ئەم کۆمارە ، چ کردەوەکانی ئەو لە مەودای ژیانی خۆی ، نیشانی دا کە کۆمار ناتوانی ئەم کارە جێ بە جێ بکات . ئەم بابەتە کاریگەری ڕاستەوخۆی بوو لە سەر کۆ کردن و ڕێکخستنی کۆمەلانی خەلک بۆ پاراستنی کۆمار و درێژەدان بە تەمەنی ئەو . ڕێبەرانی کۆمار نەیانتوانی کۆمەلانی زەحمەتکێشی کورد بە وەلامدانەوە بە داخوازیەکانی دیاریکراویان ڕێك بخەن . هەر بۆیە نەیانتوانی سەرەرای هەندێك کردەوە ، لە مەودای تەمەنی کۆمار ، هەنگاوێکی کاریگەر بۆ سەقامگیری ئەو هەلگرن و پەرە بە سنووری دەسەلاتی خۆیان بدەن ، چۆنکە سەقامگیری کۆمار لە گیرەوی پالپشتی هەر چی زۆرتر بە کۆمەلانی چەکدار و ڕێك خراو بوو . کارێك کە بە کردەوە بە هوی پێکهاتی چینایەتی ڕێبەرانی کۆمار نەیانتوانی جێ بە جێی بکەن . بۆیە نەیانتوانی ناوچەکانیتر لە ژێر ئالای کۆمار یەکگرتوو بکەن و شەڕی جیددی و هەموو لایەنە بۆ سەقامگیری دەسکەوتەکانی کۆمار بکەن . کۆماری خودموختار بە بێ دەسەلاتی خۆی لە گۆڕینی پەیوەندیەکانی داسەپاو بە سەر کۆمەلگای کوردستان و بە ئەنجام گەیاندنی کردەوەکانی دیمۆکراتیکی ئەساسی لە بواری کۆمەلایەتی ، لە بواری سیاسیش نەیتوانی لە ڕێك کردنی پەیوەندیەکانی خۆی لە گەلّ دەولەتی مەرکەزی خاوەن هێزێکی باش بێت و پیلانگێریەکانی یەك بە دوای یەکی حکومەتی مەرکەزی بەرپەرچ بداتەوە . کۆماری کوردستان بۆ پێك هێنانی بەرەیێکی سەرانسەری بەشداری چالاکانەی کرد و لەم بوارەدا سەرەرای هەندێك ڕێککەوتن لی گەلّ کۆماری خودموختاری ئازەربایجان لە گەلّ هەندێکیتر لە هێزەکانی دیمۆکرات و شۆڕشگێری سەرانسەری ئێران وت و وێژی کرد . بەلام ئەم بەرە سیاسیە نەیتوانی کردەوەکانی گرینگ بۆ گۆڕینی هاوسەنگی لە سەرانسەری ئێران بە ئەنجام بگەێنی. بە تایبەت بە دوای سات و سەودا و سازشی حیزبی توودە لە گەلّ قەوامولسەلتەنە سەرۆك وەزیرانی ئەو کات و بەشداری لە دەولەتی دواکەوتوویی ، ئەم بەرەیە بێ ئاکام مایەوە . بە هاتنی حیزبی توودە بۆ ناو دەولەت ، ئەم حیزبە بە کردەوە لە هەر چەشنە دیفاع کردن لە مافی دیاریکردنی چارە نووسی نەتەوەکانی ژێر ستەم ، چاو پۆشی کرد و نەك تەنیا بۆ پێ ڕاگەیاندنی ئامانجەکانی شۆڕشگێرانەی کۆماری خودموختار نەیتوانی هەنگاو هەلگرێ ، بەلکو بە سازش و کوشتنی کات ، هەر چی زۆرتر مەجال و زەمینەی بۆ سەرکوتی بزووتنەوەی میللی لە ئازەربایجان و کوردستان لە لایەن حکومەتی مەرکەزی فەراهەم دەکرد و بۆ ئەم مەبەستە یارمەتیی دەدا . هەر چەند ئەم حیزبە لە نیوە ڕێی سازش و پاش گۆڕینی هاوسەنگی بە قازانجی دواکەوتوویی لە دەولەتی قەوام وە دەر خرا ، بەلام ئەم سازشەی حیزبی توودە بووە هوی لاوازی ئەساسی کۆمارە خودموختارەکان واتە پالپشتی یەك لایەنەی ئەوان بە بابەتی میللی و لە بەر چاو نەگرتنی ئەساسیترین بابەتەکان کە بووە هوی پێکهاتی بزووتنەوەکان ، و گۆڕینی هەندێك هۆکاری کاریگەری نیونەتەوەیی کاریگەری خۆی لە سەر مان و نەمانی کۆمارەکان بە جێ هێشت . کۆماری خودموختاری کوردستان لە ڕۆژی ٢٤ ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٥ ی هەتاوی بە بێ بەرگریێکی بەرچاو و بە هاتنی ئەرتشی دواکەوتوویی بۆ ناو شاری مەهاباد ڕووخا و ڕێبەرانی ئەو پاش دەسگیری ئیعدام کران . ئەگەر چی تەمەنی کۆمار کەم بوو ، بەلام ئەزموونە پڕ لە بایەخەکانی کە لە خۆیەوە بە جێ هێشتووە وەك ئەزموونێکی پڕ بایەخ لە ژیانی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی گەلی کورد ، خاوەن جێگا و شوێنێکی تایبەتی لە مێژووی خەباتی گەلی کوردە . ئەگەر چی یەکەمین کۆماری خودموختاری کوردستان لە ژێر پۆتینی هێزەکانی سەرکوتگەری دواکەوتوویی داسەپاو و سەرکوتگەران ڕووخا بەلام ئامانەکانی گەلی کورد و خەبات بۆ وەدی هاتنیان زیندوو مایەوە.

## شەهرام جەزایری ، دەزگای پاراستنی سوپا ، کونسولگەری ئیران لە ولاتانی قەراخ کەنداوی فارس و فرۆشتنی کچان

شەهرام جەزایری لە دادگادا گوتویەتی : لە کاری گواستنەوەی کچانی لاو و جوان بۆ شێخ نشینەکانی کەنداوی فارس تەنیا نەبووم ، یەکێك لە کومپانیاکانی من لە دوبەی بازاری بۆ ئەم کچانە و فرۆشتنی ئەوان بە شێوەی کاتی و یان هەمیشەیی دەدۆزیەوە و ئەوانیان دەدایە دەولەمەندانێك کە هەندێك جار ١٠٠ هەزار دولاریان بۆ کچێکی ئازەو تومەن ١٦ ساڵان دەدا . . . ئاغای ناسر هاوبەشی من بوو . ئێمە هەندێك دەلالی پیاو و ژنمان بوو کە لە شارەکانی ئێران وەك پارێزگای خوراسان کچانی هەژار دەخستنە داوی خۆیان . ئەوانیان بۆ شاری شیراز دەبردین و بۆ یەکەم جار من و ناسر خان و هەندێکیتر لە دۆستان لە گەلیان نێزیکیمان دەکرد . خانومی . . . کە ئەکتەرێکی کۆنە بە مانگێك یەك میلیون تومەن مووچە دامەزراندە بووین تاکو ئەو کچانە فێری کاروباری ئاوا بکات و هەلس و کەوتیان لە گەلّ دەولەمەنداندن فێر بکات . فێر کردن کە تەواو بوو ، ئەم کچانە دەیان ناردین بۆ ولاتانی شێخ نشینی قەراخ کەنداوی فارس و لەوێدا یەکێك لە هاوبەشانی ئێمە کارەکانیتری جێ بە جێ دەکرد .شەهرام جەزایری لە بەشێکیتر لە ئاشکرا کردنەکانی خۆی دەلێ : یەککێك لەم کچانە لە گەلّ شێخێکی بە ناو بانگ و دەسەلاتدار بوو ، هەر جار کە ئەومان دەبینی زانیاری گرینگی بە ئێمەی دەدا کە ئێمەیش بە هاوئاهەنگی تەواو لە گەلّ دەزگای پاراستنی سوپای پاسداران ، دەیان داینە برادەرێك کە لە کونسولگەری ئێران لە دوبەی ڕاسپاردە بوو .

**بلاو کراوەکانی کار کمونیستی ، جهان کمونیستی و ڕێگای گەل و هەروەها تازەترین ڕاگەیاندراوەکانی ڕێکخراو لە سایتی ڕێکخراو لە سەر توری ئینتەرنێت وەرگرن :**

**www.fedayi.org**

# ووشەی سیاسی

## ئەنگیزیسیون(Inquisition)

ئەم ووشەیە بە واتای لێکۆڵینەوە لە سەر بیر و بۆچوونە و بریتی بوو لە دادگاکانی تایبەتی کەنیسەی کاتۆلیک کە بە فەرمانی پاپی گەورە پێك دەهات و ئامانجی ئەو سەرکوتی هەموو نەیارانی پاپ و دەسەڵاتداری ئایدۆلۆژیك و سیاسی ئەو بوو . لەم دادگایانە هەر پێشکەوتنخوازێکی خاوەن بیر و بۆچوونی ئازادیان بە ناوی کافر و بێ دین مەحکووم دەکردن ، دەخستنە زیندان و ئەشکنجە دەکردن ، دەکوشتن و یان زیندوو زیندوو دەیسوتاندن . ئەم دادگا زاڵمانەیانە کە ئامرازی دەزگای زۆڵم و خەفەخان بوو لە سەدەی سێنزەهەمی زائینی پێك هاتن و بە درێژایی سەدەی سێنزەهەم ئامرازی زۆڵم و ستەم لە دەستی کەنیسەی کاتۆلیك دژی هەموو نەیارانی بیر و بڕوای دۆگم و ڕزیوی کەنیسە و سیستەمی دەرەبەگایەتی بوو . سەدەکانی یەك بە دوای یەك ڕادەیێکی زۆر لە مەزنترین زانایان ، نووسەران و شاعیران ، ئەدیبەکان ، خاوەن بیران ، پزیشکان ، هونەرمەندان ، ڕووناکبیرانی ئەو دەورەیە ، ناسراوترین کەسایەتیەکانی ئەو دەورەیە ، خەباتگێرانی ڕێگای ئازادی ، بێ بەشان و چەوساوەکان و هەروەها ڕادەیێکی زۆر لە خەڵکی ئاسایی و مەدەنی بوونە قوربانی کردەوەکانی دژی ئینسانی کەنیسە و ئەنگیزیسیون . ((کوفر )) تومەتی ئەسڵی لە هەموو دادگایە کردنەکان بوو . ئەنگیزیتورەکان واتە دادستانەکان و قازیەکانی دادگاکانی لێکۆڵینەوەی بیر و بۆچوون وەحشیانەترین شێوەکانی ئەشکنجە کە هێشتا ناوبانگی خۆی پاراستووە ، بە کار دەهێنان . ئەنگیزیسیون لە هەمان کاتدا ئامرازێك بۆ کۆ کردنەوەی سامان لە دەستی چەوسێنەران ، تاڵانی ماڵی ئەوانەی کە بڕیاریان لە سەر دابوون ، و هەروەها زەخت هێنان و خۆڵقاندنی کەش و هەوای ترس و تۆقاندن لە ناو دڵی خەڵك بوو . هێشتا پاشماوەی ئەم کردەوانە لە کەنیسەی کاتۆلیك بە شێوەی ئامادە کردنی لیستەی کتێبەکانی قەدەغە کراو و ڕێکخراوی پێ ڕاگەیاندن دژی بیر و بۆچوونەکانی پێشکەوتنخوازی شۆرشگێرانە و یان لە سەدان پیلانی‌تری دژی شۆرش بوونی هەیە . ئەگەر چی لە ئاخرین کردەوەی بە زیندوویی سووتاندن لە لایەن کەنیسەی کاتۆلیك و دادگاکانی ئەو نێزیك بە دوو سەدە تێ دەپەرێ ، بەڵام شێوەکانی زاڵمانەی ئەنگیزیسیون _دادگاکانی فەرمایشی و بڕیارەکانی زاڵمانە _ هەروا درێژە بە زۆڵمی خۆیان دژی باشترین ڕۆڵەکانی خەڵکی زەحمەتکێش و ئازادیخوازان دەدەن . لە وڵاتی ئێمە هەموو بێدادگاکانی ڕێژیم بێدادگاکانی لێکۆڵینەوەی بیر و بۆچوونن و بڕیارەکانیان بڕیاری ئەنگیزیسیونە.وزارەتی ئیتلاعات و ئەمنیەت و بێدادگاکانی ئەوان بە پێشیل کردنی هەموو ئوسولی مافی مرۆڤ و تەنانەت جار نامەی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ، نەیارانی ڕێژیم و ئازادیخوازان بە تومەتی چالاکی دژی ئاسایشی وڵات و ڕێژیم و . . . هتد ، وەك تومەتی کوفر لە سەدەکانی ناوەراست ، دەسگیر دەکەن ، ئەشکنجە و ئازاریان دەدەن و دەیان بەنە پێش پەتی سێدارە و یان زێندانیان دەکەن و یان دووریان دەخەنەوە .

## ئۆمانیزم (Humanisme)

ئۆمانیزم بریتیە لە سیستەمێکی بۆچوون کە بواری تایبەتی ئەو پەرپێدانی مرۆڤــ دۆستی و خۆش ویستنی پێشکەوتن و خۆشبەخت بوونی مرۆڤــ و ڕێزدانان بە کەسایەتی مرۆڤە . لە بواری مێژوویی ئەم سیستمە فیکریە لە سەدەکانی سێنزە و شانزەی زائینی وەك بزاڤێکی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی پەیدا بوو کە بە کردەوە دژی ئایدۆلۆژی دەرەبەگایەتی و مەزهەبیە وشکەکان بوو . ئەم سیستمە فیکریە لەو کاتەدا تایبەت بە گرووپێکی دیاریکراو لە روناکبیران بوو کە ڕەنگدەرەوەی خەباتی بورژوازی پەرەئەستێنەر بوون و دەیانویست زنجیرەکانی کۆمەڵایەتی و مەعنەوی دەرەبەگایەتی بپچرنن . روناکبیران و ماتریالیستەکانی فەرنسا لە سەدەی هەژدەهەم بەر چاوترین نموونەکانی شێوەی بیر کردنی ئۆمانیستی بوون . ئەوان بوون کە دروشمی (( ئازادی ، یەکسانی و برایەتی )) بەرز کردنەوە ، بەلام ئەم دروشمانە بە کردەوە و هاوکات لە گەڵ پەرەساندنی سەرمایەداری لە چوارچێوەی قازانج و بەرژەوەندیەکانی بورژوازی بەربەست کرا تا ئەو جێگایە کە تایبەت بووە ئازادی چەوساندنەوە و لە کۆتایی‌دا هەم فاشیزم و هەم میلیتاریزم هیچ ئاسەوارێك لەوێ بە جێ نەهێشتن . چەمکی ئۆمانیزم لە نووسراوەی سوسیالیستەکانی خیاڵی وەك سەن سیمۆن ، فۆریە ، ئۆئن بووە خاوەن ناوەرۆکێکی نوێ . ئەم ناوەرۆکە بریتی بوو لە ، لە ناو بردنی چەوساندنەوە و ستەم و بەرزبوونەوەی کەسایەتی مرۆڤەکان ، بەلام ئەمانیش بە ناسینی یاساکانی عەینی کۆمەڵگا و ڕۆڵی خەباتی چینایەتی سەرنجیان نەئەدا ، ئۆمانیزمی ئەوان چالاك نەبوو و وەك ئارەزو بوو . مارکسیزم بەرزترین جۆری ئۆمانیزم و مرۆڤدوستی راستەقینەی خەباتگێر و چالاك دەناسێنێ . ئامانجی ئۆمانیزمی سوسیالیستی ، ئازادی راستەقینەی زەحمەتکێشان لە زنجیری چەوساندنەوە ، لە هەر چەشنە ستەم و نەبوونی عەدالەتی کۆمەلایەتی ، بە دەست هێنانی ئازادیەکانی راستەقینە بۆ مرۆڤەکان ، پێك هێنانی بەربلاوترین ئیمکانات بۆ بۆژانەوە و پەرەساندنی هێزی خۆلقێنەر و فیکریەتی مرۆڤەکان و باشترین هەل و مەرجەکانی بۆژانەوەی هەموو لایەنەی کەسایەتی مرۆڤەکانە.ئەم ئۆمانیزمە لە سەر ئەساس و بنەڕەتی پتەوی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی سوسیالیزم،خاوەن ملکایەتی گشتی بە سەر ئامرازەکانی بەرهەم هێنان و لە ناو بردنی چەوساندنەوەی مرۆڤــ بە دەستی مرۆڤــ بنیات نراوە.

ناو نیشانی ڕێکخراو لە سەر توری ئینتەرنێت :
www.fedayi.org
ناونیشانی پوستی ئەلکترونیکی ڕێکخراو :
webmaster@fedayi.org
ناونیشانی پوستی ئەلکترونیکی کومیتەی کوردستان :
Kurdistan@fedayi.org
ارەی فاکسی پەیوەندیە گشتیەکانی ڕێکخراو
0046317792571

**بڕووخێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ، دامەزرێ کۆماری فیدراتیوی شوورایی !**